# مجری

بۆ بەیانی جێژنی قوربان بوو !بە هاتنی جێژنی قوربان ، بیرەوەریەکانی زیندوو بوونەوە ! دەبوو چاوەڕوانی منداڵەکانی بکا!
مجریەک ، یادگاری ساڵانی خۆشی تەمەنی ، پڕ لە بیرەوەری خۆش ، لە سووچێکی پاش دیوەکە دیار بوو !
لە پەنا مجریەکە دانیشت و وەک شتێکی پیرۆز وەلاوێنێ، دەستی بە سەر نەخش و نیگارەکانی مجریەکەی داهێنا ! لە تەنیشتی مجریەکە وێنەی ئەسپێکی باڵدار کە دەم و چاوی وەک ژن بوو ، کێشرابۆوە !ئەم لا و ئەولای مجریەکەش بە وێنەی هەژدیهای باڵدار و گوڵ ڕازابۆوە!
وەبیری هاتەوە کە باوکی وەختی خۆی ، لە کاتی بەشوودانی دا، ئەو مجریەی لە سابڵاخێ بۆ هێنابوو!
مجریەکە ، سندووقێکی ژێکەڵانەی مام ناوەندی بوو ! هەر چەند کۆن بوو بەڵام ڕەنگ و ڕوخساری هەر وا جوان بوو ! چوار چێوەکەی تەختەبوو و هەرچوار تەنیشتیشی ئاوینەکاری و نەخش و نیگار بوون کە دەقاپی شوشەگیرابوون !
دەهەموو ساڵەکانی دوای مێردکردنی هەر کات وەڕەز دەبوو یان دڵی دەگیرا دەهاتە سەروەختی مجری گۆرین!
وەکوو جاران ، بە ئەسپایی سەری مجریەکەی هەڵدایەوە و زۆر بە هێمنی ، وردە وردە شتەکانی یەک یەک دەرهێنا و دانە دانە بۆنی پێوە کردن !
لەسەرەوەی هەموان ، تارای بووکێنی ! سی وشەش ساڵ پێش ! دایکی و خات مەنیجی جیرانیان تارایان بەسەر دادا و ئایشێ قادری بۆی ڕاستەو پاستە کرد ! تارای بووکێنی ! بە ڕەنگی سوور! ڕووسووری کچی کورد !
تارای هێنا و لۆیەکانی ڕاست کردنەوە و بەسەری خۆی دادا ! لە ئاوێنەی ناو مجریەکەدا چاوێکی کڕیارانەی لە خۆی کرد ! « ئاخ ! جوانیەکەم ! بۆ کوێ چووی ؟ »
تارای وەلانا و تاس کولاوە پووڵەکە دارەکەی دەرهێنا وتۆزێک لە دەستان دا ڕای گرت و پاشان لەسەری نا !چاوێکی لە ئاوێنە کرد و زوو داینایەوە !
ئەمجار کراسی بووکێنی ! ڕەنگێکی تەخت سوور وەک گوڵەباخ بە گوڵی ڕەنگاڕەنگی ئاڵ و پەمەیی و خەنەیی چندراو و بە گەڵای سەوزی تۆخ و کەم ڕەنگ دەورەدراو !
کراسەکەی لە پێشەوە ڕا بەخۆی گرت و چەند جار خۆی بادا و لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆی کرد ! دڵی نەدەهات زوو وەلای نێ !
ـ ئەستی گیان ! زۆر جوان بووی ! وەک فریشتەی!
نەجیبی دەستە خوشکی بوو ! هەر لە منداڵیەوە بەیەکەوە دۆست و ڕفیق بوون ! لە خوشک نزیک تر ! بە هەموو ڕاز و کەین و بەینی یەکتریان دەزانی!
پوورە شەرافەت ئەم لاو ئەو لای ماچ کرد :
ـ دەک موبارەکت بێ ڕۆڕەگیان ! زاوا لەبەرت داکەنێ!
ڕەنگی سوور هەڵگەڕا ! ناوی زاوا ، تەزوویەکی خۆشی بەگیانی دەدا ! بەڵام ئاوا ڕوو هەڵماڵاو باسی داکەندنی لیباس کردن ؟ شەرمی دەکرد!
زاوا ! بایزکوڕی مام خدری ! سێ ساڵ بوو دڵیان بەیەکەوە بوو ! بایز دەبوو بچێ بۆ سەربازی ! دووساڵان ، دووری بایز! هەر بە زاران خۆشە ! وەفادارانە مایەوە و جوابی کەسی نەدایەوە ! جوان بوو ! زۆر کەس هاتنە خوازبێنی ، بەڵام هەمووی جواب کردن ! تاقانە کچی دایک و بابی بوو ! ئەوانیش زۆریان لێ نەدەکرد ! دایکی

زۆریشی پێ خۆش بوو ئەستی درەنگ تر شوو بکا ! تا کوڕەکانی پێ دەگەیشتن و ژنیان دێنا و ئەویش لە کار و کوێرەوەری تۆزێک دەحەساوە !

جل و بەرگی بوو کێنی وای خستە دونیای بیرەوەری کە کات و ساتی لەبیرچۆوە !

کراسەکەی قەد کردەوە و وەلای نا !

پاشان کەوش و کولۆنجە و گۆبەرۆک و خشلی بوو کێنی ! لە پاش هەموان بوخچەیەکی سووری گرێ دراو ! بوخچەکە چکۆلە بوو ! کردیەوە ! ئاخێکی هەلکێشا ! لە ناو بوخچەکە دا پارچەیەکی سپی گوڵدار، چەند قەت کرابوو!

بە هێمنی قەت لەدوای قەت کردیەوە ! دوایین قەد، پارچەکە ،کەمێکی بەیەکەوە نووسابوو و تۆزێک چرچ ببوو! ناوەڕاستی پارچەکە پەڵەیەکی ئاماڵ ڕەش ! « خوێن ! خوێنی کچێنی ! خوێنی ڕووسووری! »

سوور هەڵگەڕا !

بایز هاتە ژوور ! بووک لەبەری هەستا ! لەژێر تاراکەشەوە ڕەنگی سوور هەڵگەڕابوو!

بایز سڵاوی کرد ! بووک متەقی لێوە نەدەهات ! زمانی یاریدەی نەدەدا هیچ بڵێ!

ـ ئەستی ! شوکور بەیەک گەیشتین !

ـ .....

ـ بۆ قسە ناکەی؟

ـ نازانم بڵێم چی!

ـ هیچ مەڵێ ! هەر ئەوەندە تۆ ئەو سێ ساڵە لە ڕێم ویستای بۆمن زۆرە ! هەموو شتێکە !

پاشان بایز نزیک کەوتەو! تارای لەسەر بووک داماڵی!

بووک بێ هەست خۆی دابۆ دەستی بایز !

بێدەنگی بووک ، پتر بایزی هان دا تا لیباسەکانی بووک یەک لە دوای یەک داماڵێ!

بووک ڕووت و قووت ڕاوەستابوو ! شەرمی دەکرد ! لەوەتی فامی کردبۆوە هێشتا لەبەرانبەر کەس ، تەنانەت دایکیشی دا ڕووت نەببۆوە !

بایز چرای کوژاندەوە و بە گورجی لیباسەکانی خۆی داکەند! پێشتر بەربووک جێ و بانی ڕازاندبۆوە و پارچەیەکی سپی بە پانایی سێ بست لە سێ بست لەسەر جێگاگەی ڕاخستبوو !

کە تەواو بوون ، بایز هەروا بە ڕووتی پارچە خوێناویەکەی هەڵگرت وهەر لەو تاریکیە دا ، بەحاڵ دەرگای کردەوە و دای بە دەستی بەربووک !

کار تەواو بوو ! هەردووک ماندوو! هەروا بە ڕووتی ئەستی سەری کردە سەر باسکی بایز و بە جووت خەوتن !

پارچەکەی ئەم دیواو دیو کرد ! بۆنی پێوە کرد ! ئاخێکی بەرزی هەڵکێشا ! بیری بایز ، فرمێسکی وەچاوان خست !« بۆ جێت هێشتم ؟ بۆ ؟ »

سێ منداڵیان بوو ! دوو کوڕ و کچێک ! ئاڵان و سامان ژنیان هێنابوو و هەریەکەی لە ماڵی خۆیان دەژیان ! سورەییا کە پێیان دەگوت سووری ، ئەویش شووی کردبوو و لە ماڵی مێردی بوو ! دایک تەنیا مابۆوە !بایز دوو ساڵ لەوە پێش ، بە هۆیەکی نادیار مردبوو و ئەستی جێ هێشتبوو!

پارچەی گۆڕین ، بەڵگەی ڕووسووری کچی کوردا! نیشانەی کچێنی! پاکی !دەست لێ نەدراوی! بایەخێک بۆ ئابڕووی بنەماڵە و تایفە!

بۆخۆشی نەیدەزانی بۆچی ئەو پارچەیەی هەروا ڕاگرتوە ! پاش ئەو هەموو تەمەنە ، دەیهەویست بەڵگەی پاکی خۆی بە کێ نیشان دا؟ نەیدەزانی هەروا ڕای گرێ یان فڕێی دا ؟ نا نا دڵی نەدەهات !

ئەوە نیشانەی بە پاکی هاتن بۆ ماڵی مێردە ! لەو هەموو ساڵانە دا کەس ئەو بەڵگەی داوا لێ نەکردبوو ! هەر ئەو شەوە بەربووک بە چەند کەس ، بە تایبەتی خەسووی ئەستی نیشان دابوو کە بووک ، کچە و بە کچی پێی ناوەتە ئەو ماڵە !
ئاخێکی هەڵکێشا ! هەستی کرد ، سەر سنگی وەک سووژن یان خەنجەری تێڕۆکەن !ئێشا ! ئێش وردە وردە پتر دەبوو ! لە پێش دا لای چەپی سینگی ، پاشان سیەکانیشی توند بوون ! هەستی کرد ، هەناسە کێشان بۆی بە زەحمەتە ! هەستی بە دڵپڕی کرد ! وەک هێڵنج بدا ، لاقاوێک لە لای زگیەوە بەرەو لای گەرووی هات ! قاچی سست بوون خۆی بۆ نەگیرا ، لە پەنا مجریەکە ، بە عەرزدا کەوت!

**

سووری دەگەڵ مێردەکەی زۆریان لە دەرگا دا ! کەس نەیکردەوە !
- خۆ تۆ کلیلی ماڵی دایکت پێ بوو !
- ویستم ئیجازەی لێ وەرگرین ! بەڵام من هەست دەکەم شتێک قەوماوە !
درگایان کردەوە ! ئالان و سامانیش بە ژن و منداڵەوە گەیشتن !
- جێژەنەتان موبارک بێ !چیە ؟ بۆ وا شڵەژاون ؟
- دایکم دەرگا ناکاتەوە ! دەترسم شتێکی بەسەر هاتبێ!
هەموو بە هەڵەداوان گەیشتنە ژوور !
- دایە ! دایە گیان !
- ئەوەتا لێرە کەوتووە !
سامان چۆ ژێر لەشی دایکی و لەسەر ڕانی خۆی دانا !
لەشی ساردەوە بووی دایکی ، هەموو شتێکی پێ وتن ! دەم و چاوی دایکیان سپی و ساردبوو!
بوو بە شین و گابۆڕ !
درواسێ وەسەر گەڕان ! منداڵەکانیان دوور خستەوە !
نەجیبەی دەستە خوشک ، ئەستی دەباوەش گرت ! بەرماڵێکیان هێنا و لە سەر بەرماڵەکەی درێژیان کرد ! بزەیەکی سەیری لەر لێوان بوو !لە دەستی ڕاستی دا ، پارچەیەکی تێدابوو ! گەلاوێژی ژنی کاک برایمی دراوسێیان بە زۆر لە دەستی دەرهێنا ! کە سەیری کرد ، زانی چیە !پارچەکەی بە دوو دەست بەرز کردەوە و نیشانی ژنای کۆوەبووی دەورەی ئەستی دا ! ژنەکان ، هەموو دەیان زانی چیە ! هەر بۆیە کە چاویان بەو پارچە کەوت کە خوێنی ڕەش و وشک هەڵاتووی پێوە دیاربوو ، تێکڕا دەستیان کرد بە گریان !

بانە ـ هاوینی ١٣٨٨